# ئه ندامێكی مه‌كته‌ب سیاسی حیزبێك دۆو دۆشاو تێكه‌ڵ ده‌كات
# خوێندنه‌وه ی بابه‌تێكی سامان كه‌ریم

penus2700@yahoo.com پێنووس

سامان كه ریم ئه‌ندامی مه‌كته‌ب سیاسی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكارانی عێراق * به داخه‌وه وه كوو پیشه‌ی باقی ئه‌ندامانیان،خۆی به خه‌ڵكی كوردستان ده زانێت.چاویلكه‌ی خۆ بینین وای لێده‌كات كه هه‌ر چییه‌ك خۆی بیلّێت قسه‌ی خه ڵكی كوردستانه و هیچ خه‌ڵكێكی تربیرو باوه‌ڕێك بێجگه له بیرو باوه‌ڕی ئه‌وی نییه و یا نابێت بیانبێت!.له بیرێكی ئاوه‌ها دا زۆر سه‌هله كه هه رچییه‌ك ئه‌و بیلّێت و ئه وئاره‌زوویه‌تی ،حه‌زوئاره‌زوی گشت خه‌ڵكی كوردستانه و ئه‌گه‌ریش بێجگه ئه وه بێت ئه وا دژایه‌تی له‌گه‌ڵ خه‌ڵكی كوردستاندا كراوه.

سامان كه‌ریم له بابه‌تێكدا به ناوی:(هاوپه‌یمانیكردنی یه‌كێتی و پارتی له گه ڵ كۆمه‌ڵه‌ی ئیسلامیدا،هاو په‌یمانییانه دژی خه‌ڵكی كوردستان)،به داخه‌وه زۆرێك ناو وواقعییات تێكه‌ڵ ده‌كات كه من لێره دا تۆزێك گه‌ره‌كمه له سه‌ری برۆم.

ئه‌م به‌رێزه به داخه‌وه زانیارییه‌كی قوڵ له مه‌ڕچه‌مكه‌كانی عییلمانییه‌ت وناسیۆنالیسم به‌ده‌سته وه نادات و ته نانه‌ت ناتوانێت ته وجیهی ئه وناووناوبانگانه بكات(وه كو ناسیۆناڵیست) كه به یه‌كیه‌تی و پارتی ده‌به‌خشنه‌وه.به‌رێزیان دوای پێشه‌كییه‌ك ده‌نووسیێ:(ئه‌م عه‌لمانییه‌ته‌ی ده‌سه‌ڵاتدارانی كورد، وه‌كو ناسیۆنالیست بونه‌كه‌یان جیایه چونكا به یه‌كێتی خاكی عێراق نه‌بێت سوێند ناخۆن). به م قسه‌یه ی كاك سامان ئه گه ر داوای جیا بوونه وه یان بكردایه ،ئه وا ناسیۆناڵیستێكی تۆخ ده بوون.ئیتر نازانم ئه م قسه یه ی چه ند له گه ل بانگه شه ی خۆیان بۆ دروست كردنی كوردستانێكی سه‌ربه‌خۆ – دوای جارێك پاشگه‌ز بوونه‌وه!- یه‌ك ده‌گرێته‌وه.

ئه‌م به‌ڕێزه كه دێته سه‌ر كرۆكی باسه‌كه‌ی،وه‌ها ناوه‌كان و ڕووداوه‌كان تێكه‌ڵ ده‌كات كه خوێنه‌ر نازانێت باس له سه‌ر چ حیزب و لایه‌نێكی ئیسلامییه .وا به درۆزنانه ڕاستی رووداوه كان تێكه‌ڵ ده‌كات ده‌ڵێی یا كه س بابه‌ته‌كه‌ی ناخوێنێته وه یا كه‌س ئاگای له وه‌زعی كوردستان نییه.بۆ وێنه ده‌ڵیێ:(ده‌سه‌ڵاتدارانی ناسیۆناڵیستی كورد....له پێشه وه كۆمه‌ڵه‌ی ئیسلامییان هێنایه نێو گۆڕه‌پان له حاڵێكدا كه په‌لكێشی تیرۆریزمی نێوده‌وڵه‌تی ئامریكایان كردبۆ تێكشكاندنیان ونیشاندانی ئه شكه‌وته‌كانیان له هه‌ورامان....).له‌م به‌ڕێزه ده‌پرسم به‌ڕاست كه‌ی یه‌كیه‌تی و پارتی كۆمه‌ڵی ئیسلامپیان هێنایه‌وه نێو گۆڕه‌پانی سیاسی؟ .وه‌ك هه مووان ئاگادارن وله ڕاگه یاندنی كۆمه ڵی ئیسلامیشدا به ڕوونی ئاشكرا كراوه،كۆمه‌ڵی ئیسلامی ویستوویه‌تی كه وه‌كوولایه‌نێكی كوردستانی به شداری لیستی هاوبه شی كوردستانی بكات،به ڵام نه ئه وان و نه بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی ونه پارتی چاره‌سه‌ری ونه كوورده شێعه كان و ... نه له كۆبوونه وه‌كان و نه له هیچ بڕیارێكدانه بانگهێشتن نه‌كران و ته‌نانه ت ناویشیان لیێ نه‌هێنرا،به تایبه‌ت بۆ كۆمه‌ڵی ئیسلامی ئه‌و په‌ڕی هه‌وڵدرا كه بخرێته په‌راوێزه وه وبه شداری هه‌ڵبژاردن نه‌كات،كه له ئاكامدا كۆمه‌ڵی ئیسلامی به لیستی سه‌ربه‌خۆ به‌شداری كرد و توانی ئه‌وسه‌ركه‌وتنه به‌رچاوه به ده‌ست بهێنێت .

به ڕوونی دیاره كاك سامان كوێی دێشێت ! حیزبێكی ئیسلامی،وێڕای ئه و گشته زه‌خت و زۆره وه‌كوو : تیرۆری ئه‌ندامی مه‌كته‌ب سیاسیان( مامۆستا عه‌بدوڵڵاقه‌سری)له لایه ن یه‌كیه‌تییه وه، هێرشی ئامریكا بۆ سه‌ر باره گاكانیان له خورماڵ و كوشتنی ده‌یان ئه‌ندامیان،گوێزانه وه‌ی باره‌گاكانیان له خورماڵه وه بۆ پشده‌ر،ده‌ست به سه‌رداگرتنی ئه‌میری كۆمه‌ڵ (مامۆستا عه‌لی باپیر)له لایه‌ن ئامریكاوه، به‌ربه‌ستێكی زۆر بۆ كاروباری

حیزبی(تەنانەت ئەم حیزبە لە لایەن پارتییەوە بە فەرمی نەناسراوە و نەیانهێشتووە لە پارێزگای دهۆك كاری سیاسی بكەن)، وە كوو ئە و هەمو خرووقاتانە كە لە هەڵبژاردن كرا(لە هەندێ لە بنكەكانی دەنگداندا كاخەزی دەنگدان دەستكاری كرا تا دەنگی دراو بە كۆمەڵی ئیسلامی بە تاڵ بێتەوە)و ... بتوانێت لە ئاستی كوردستان پترلە 90000 ولە ئاستی عێراق پترلە 60000 دەنگ بە دەست بێنێت ، دوای ئە و گشتە پرووپاگەندانە كە كۆمەڵی ئیسلامی كز بوون و هێزێكیان نەماوە ، بە ڕاستی جێگای ناراحەتی وسەرئێشەیە !
لە 2000/10/10 دا لە پانێلێكی گۆڤاری ڕێفڕاندۆم كە بڵاوكراوە یە كی حیزبە كە ی كاك سامانە،یە كێ لە وتار خوێنە كان بە ناوی ئاسۆ كە مال چە ند جارێك دە ڵێ:( ئیسلامییە كان مێشوولە ن) ! ئێستا لە كاك سامان دە پرسم:حیزبەكەتان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەكانی كوردستان بە خۆتان و خاوخێزانتانەوە، ئەوساكە ئەم یەك دو باڵە كە ئێستا جیا بونەتەوە، لە گەڵتانا بوون و سەرەڕای ئە وگشتە پرروپاگەندانە 275 دەنگتان هێنا، بە ڵام كۆمە ڵی ئیسلامی- وێڕای ئە و گشتە زەختە- بە بەدەست هێنانی ئەو متمانەیە، دیسان ئێوە نوێنەری خەڵكی كوردستانن و كۆمەڵی ئیسلامی دژ بە خەڵكی كوردستان وخەڵكی كوردستان ئێوەیان دەوێت و ئەوانیان ناوێت؟!
كاك سامان لە بەشێكی تردا دەڵێ:(....لە پێشەوە كۆمەڵەی ئیسلامییان هێنایە نێو گۆڕەپان لە حاڵێكدا كە پەلكێشی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ئامریكایان كردبۆ تێكشكاندنیان ونیشاندانی ئەشكەوتەكانیان لە هەورامان....).ئەم بەرێزە دیسانەوە دۆودۆشاو تێكەڵ دەكات و هیچ جیاوازییەك لە نێوان پارتێك بە ناوی كۆمەڵی ئیسلامی و پارتێك بە ناوی ئە نسارولئیسلام دا نابینێت.بە ڕاستی ئە ندامی مەكتەب سیاسی حیزبێك نابێت ئەوندە بێ ئە مانەت و لە سەر گۆترە قسە بكات و بنووسێ.
بە رێزیان سەبارەت بە هاوپەیمانی نێوان لیستی كوردستانی و لیستی كۆمەل دادرۆیەكی تر دەكاتەوە و دەڵێ:(...بوونەوە بە هاوپەیمان...)دیسان دە پرسم:تا ئێستا كەی یەكیەتی و پارتی لەگەڵ كۆمەڵی ئیسلامیدا هاوپەیمان بوون كە ئەمە دووەمی بێت؟! .
بە شەهادەتی هەموو كەس تا ئێستا ئە و دوو حیزبە كوردستانییە لە هیچ قسە و باس و بڕیارێك داگوێیان بۆ هیچ حیزبێك نە گرتووە چ بگا بە حیزبە ئیسلامیە كان.
دوای ئە م لێكدانە وە نابانەی ! بە ڕێزئەندامی مەكتەب سیاسی ئەگاتە ئەوئە نجامە كە تەواوی ئەم كارانەی یەكیەتی و پارتی بۆ ئەوەتە كە بە هەرجۆرێك بووە ! دژایەتی خەڵكی كوردستان بكە ن.
بە پروای من ئەم دوو حیزبە سەرەكییە سەرەڕای ئەو هەموو هەڵە و جاشایەتی هەمە چەشن و زووڵم و زۆر وگەندەڵی ئیداری و داراییی و سیاسی و براكووژی و ... هێشتا دوو حیزبی جێگای متمانەی خەڵكین ووبە داخەوە تا ئێستا هیچ هێزێك نەیتوانیوە ببێتە ئاڵتێرناتیڤێك بۆ ئەوان.
سەبارەت بە پاڕلەمانی عێراق دەڵێ:(...پەڕلەمانە گاڵتەجارییەكەی بەغدا ...)،وابزانم لە بیریان چوویێتەوە كە بە قسەی لیدەرەكە یان ئەگەر دۆخەكە بابی دڵی ئەوان بووایە بەشدارییان لە هەڵبژاردن دا دەكرد.بە ڕاست ئەگەر لەو هەڵبژاردنا بە شدارییان بكردایە و كوورسیشیان بە دەست بهێنایە ! دیسان پارڵەمانی عێراق گاڵتەجاری ئەبوو؟! بەڵام خۆیشیان باش دەزانن ئەمانە گشتی بیانووە و فەزاحەتی هەڵبژاردنی شارەوانیەكانی كوردستان بەسەو بە 275 و 400 و 500 دەنگ كەس ناتوانێ بچێتە پەڕلەمان!.
لەم بەشەی بابەتەكەی بە دواوە كاك سامان هە وڵیداوە كە خۆی بە نوێنەری خەڵكی كوردستان بناسێنێت بۆیە سەرجەم نووسینەكانی سەر لافیتەكانیانی ریز كردووە ودەڵێ ئەمانە داخوازیەكانی خەڵكی كوردستانن!.
لە دێرێكیدابۆ سە لماندنی قسە كانی ناڕە زایە تی خە ڵك بە بۆنە ی كارە ساتی یەكی شووبات بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێ یەكیەتی و پارتی بە پەلە چەند مەلاییێكیان (بە

قسەی جەنابیان کۆڵکە!)هاوردووەتە سەر تەلەفیزیۆن  تا ئیسلام رزگار بکەن!.خوێنەری بێ خەبەر بە خوێندنەوەی بابەتی ئەم بەڕێزە وا هەست دەکات کە یەکیەتی و پارتی دوو حیزبی ئیسلامین و بە پەرۆشەوە ئەوپەڕی هەوڵیانداوە کە نەکا خەڵکی بڵێن ئەمە کاری ئیسلامە!.بۆ زانیاری ئەم بەڕێزە دەڵێم کە ئەم کردەوەیە لە لایەن لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە بە ئوسووڵی و غەیرە ئوسووڵی یەوە مەحکووم کراوە،ئەوە نەبێت کە یەکیەتی و پارتی خەفەتی ئیسلامیان خواردبێت.
کاك سامان بە جۆرێك دە ڵێت: هاتن ئیسلام رزگار بکەن،دە ڵێی کەس نازانێ کە هەر یەکیەتی 14-13 شەڕی چەکداری بە بزووتنەوەی ئیسلامی جارانی فرۆشتووە .بێجگە لە و هە موو بگرە و بەردەو بەربەستە کە بۆ ئیسلامیە کانی فەراهەم هێناوە و دەیهێنن.ئە و گشتە سووکایەتییە کە لە کاناڵە حیزبی و راگەیاندنەکانەوە بە ئیسلام و ئیسلامیەکانی دەکەن.من پێ لە سەر ئەم قسەمە پێ دادەگرم کە دروست بوونی ڕەوتێکی شەڕکەر لە ناو ئیسلامیەکان نە تەنها لە کوردستان بەڵکوو لە تەواوی وڵاتە مووسولمانە کاندا سەمەرەی وەحشیگەری و ڕەفتاری وەحشیانەی دەسەڵاتە عەلمانیە بەکرێگیراوە کانە کە بە نەهێشتنی هیچ جۆرە شێوازێکی ڕادەربڕین وکاری ئازادی سیاسی بۆ ئیسلامیە کان و فە راهە م کردنی جۆرەها بەربەست بۆیان ،بوون بە هۆی گەشە کردنی شێوازێك لە رادیکالیسم لە ناو ڕەوتی ئیسلامیدا کە بە داخەوە دەسەڵاتە عەلمانییەکانی کوردستانیش بێ هیچ پەند وەرگرتنێك لە ئەزموونی تاڵی وڵاتانی موسوڵمان دیسان هەمان شێوازی نکۆڵی و بە کار هێنانی زۆر دژی ئیسلامیەکان پاتە دەکەنەوە.

لە ئاکامدا دە ڵێم نووسین ئە مانە تە،گەمە کردن بە وشە و تێکە ڵکردنی دۆودۆشاو بۆ سەلماندنی قسە و دروشمێك کە هیچیان تۆزقاڵێك واقیعی دۆخی سیاسی کوردستانی لە پشتە وە نییە،تەنها و تەنها درۆزنی و بێ سەوادی و لە ئاکامدا سووکی و بێ بایەخی قسەکانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبێکمان بۆ دەردەخات.

* ئەم بەڕێزە تەنانەت لە نووسینی ناوی حیزبەکەدا هەڵە دەکات و دەنووسێ:کۆمەڵەی ئیسلامی لە جیاتی(کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق)قەیناکات با منیش ئە وهەڵەیە بکەم!.